**ئەفرین شاری من!**

نارین، فەرید، ئەوین، فوئاد و ناوی تر، من لە گەڵ ئەفرین گرێ دەدن. فەرید و من لە سەر سەوزەڵانی لە بەر خۆرە تاو بەرانبەر بە زانستگا دانیشتووین، لە وڵاتێک کە بە دەگمەن خۆر لەش گەرم دادێنێ، ئێمە خۆمان بە پەیڤی کوردی گەرم دەکەینەوە. فەرید کوردی خۆش و پاراو قسە دەکا!

ڕۆژئاوا لە حەفتا ساڵی ڕابووردو پردی سێ بەشەکەی تری کوردستان بووە بۆ دەرەوەی وڵات، حزبی کوردی و ئەندام و ڕابەرانیان لە ماڵەکانی عەفرین و قامیشلو و شار و گوندەکانی تر حەساونەتەوە و تەنانەت دام و دەزگا و بارەگایان لەوێندەرێ بووە. شاعیر و نووسەری کورد کە لە بەشەکانی تری کوردستان جێگایان نەبۆتەوە، لێرە حەساونەتەوە و هێندێکیان هەر لێرە ماونەتەوە. هەژار موکریانی لێرە حەساوەتەوە و لێرە ژیاوەتەوە.

ڕۆژئاوا خاوەنی پێشینەی خۆیەتی و گەلێک جگەرخوێنی لە ئامێزدا بووە و گەلێک مرۆڤی وەک نارین و فەریدی لە باوەشدا گەورە کردووە. ئەوانەی ئاگادار هەن دەزانن کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە باوەشی ڕۆژئاوادا ڕۆژی هەڵهات و زۆرێک هەر لە ڕۆژئاواییەکان لە ئوورووپا بە سەر و ماڵ و گیان بۆ گەیاندنی بەو ڕۆژە لە هیچ لەخۆ بووردوییەک درێخیان نەکرد. ئەو کەسانە ئێستاش لە کۆڵەکەکانی ئەم پارتەن. هەرکام لە حزبەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات دەتوانن ئاوڕێک لە مێژووی خۆیان بدەنەوە و بێژن کە ڕۆژئاوا و خەڵک و شار و گوندەکانی بۆ ئەوان چی بووە!

ڕۆژئاواییەکان لە ئوورپا لە چەند بواردا جێگایان دیار بوو، ئابووری، سیاسی و زانستی و هونەریی. ئەوان لە پێکهێنانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا ساڵی ١٩٥٦ لە بەڕلین دەوری کاریگەریان هەبوو. بۆ کاری سیاسی تێکەڵ هەموو حزبەکانی دێموکرات و چەپ و کۆمۆنیستی پارچەکانی تر دەبوون، هەرچەند خۆشیان یازدە حزبیان هەبوو.

لە ژێر خۆرەتاوی سەر سەوزەڵانییەکەی شاری کۆڵن لە گەڵ فەرید باسی شانۆمان دەکرد و من گلەیم لە دام و دەزگاکانی کوردی کرد کە هاوکاری ناکەن بۆ چێکردنی گرووپێکی شانۆ. فەرید گووتی|" ئەم سەربەخۆ گرووپێکی چێ دەکەین" هەر وای لێهات. کۆمەڵێک کوردی باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ساڵی ١٩٨٩ ناوەندی شانۆی کۆچەریان دامەزراند کە دواتر بوو بە بەرچاوترین ناوەندی شانۆی بیانییەکان لە ئاڵمان و ئوورووپا و ڕێگای بۆ نەتەوەکانی تریش خۆش کرد بۆ چێکردنی شانۆی نەتەوەکان لێرە و لەوێ. ئەندامانی تیپەکە لە بەرا و دواتر خەڵکی ئەم شارانە بوون ئەفرین، ئامێد(دیاربەکر)، کرماشان، سنە، قروە، بۆکان، مەهاباد، تەفلیس، سولەیمانی، هەولێر. ئەم تیپە کورد و کوردستانی بوون و نە تەنیا هۆڵەکانی شانۆ، سەر شەقامیش بوو بە سەکۆی نوواندن. نەورۆزی ٩٢ی باکوور، هەڵەبجە، ڕەوەکە، دووی ڕێبەندان و گەلێک ڕووداوی تر و تێمی تر بوون بە شانۆ لە سەر سەکۆ، جگە لە کاری کلاسیک و مودێرنی شانۆ بە زمانی کوردی و ئاڵمانی.

دوای ڕووداوەکانی سوریە، کوردەکانی ڕۆژئاوا دەوری خۆیان، دەرخست و لە کۆبانی و شوێنی تر نەک کورد، نەتەوەکانی تر و خەڵکانی جیهانیان سەرسام کرد. لە ناکاو نەتەوەیەک خۆی نوواند کە بە سەت هەزارانیان پێناسەی حکوومەتیان پێنەبەخشرابوو، زمان و ناسنامەیان یاساخ کرابوو.

پاش ساڵی ٢٠١٥ جیلی نوێ لە کوردەکانی ڕۆژئاوا ڕوویان کردە ئاڵمان و گەلێک لە کۆڵن نیشتەجێ بوون و بە پێی ناسیاوی پێشوو، منداڵەکانیان ناردە لای نووسەری ئەم دێرانە. منداڵی نازدار، تێگەیشتوو کە بە زمانی شیرینی کوردی دەپەیوین.

فەرید و فواد و ئەوانی دی ئەمڕۆژانە تەمەنیان لە شەست تێپەڕیوە، کۆچەرانی نوێ کە بە زەحمەت تەمەنیان دەگاتە ١٢ شیرینتر لە نارین و فەرید کوردی دەپەیون. هەر ئەوە دەیسەلمێنێ کە ڕۆژئاوا کە

ئێستا کەنیشک و کوڕەکانی، کاڵ و پیریان ئەفرین دەپارێزن، وڵاتێکی پڕ لە کۆڵەکە و ستوونە کە ڕیشەیان لە قووڵایی عەرد ڕۆچووە.

ئەم میللەتە نابەزێندرێ و خۆی و خەڵکانی تریش بەخۆیەوە ئازاد دەکات، با زۆرێک لە خەڵکی شاری ئەفرین تەرکە نیشتمانیشیان کردبێ و عەڕەب شوێنی ئەوانی لە عەفرین گرتبێتەوە.

ئێمە ئەندامانی شانۆ هەر کام خەڵکی شارێک بووین و هەموو لە ژێر یەک ناودا کۆببووینەوە، ئەوە ڕەمزی سەرکەوتنی ئێمە بوو.

ئەردۆغانەکانی ترک و فارس و عەرەب و رووس و یەنگە دونیاش بابزانن، داهاتو لە دەست کورد نائەستێندرێ. فەرید و نارین وئەوین و فواد لە ئەفرین یەکتر دەگرنەوە.

ئەوجا نووسەری ئەم دێرانەش بە دڵی خۆی لە ئاوی ئەفرین و شامی قامیشلو خۆی تێر دەکات. گەر ڕۆژئاوا ببینم ئەوە هەموو بەشەکانی وڵاتی خۆم و هەموو شارەکانیم بینیوە. ئەو دەم لە ئازادی سەر دەنێمەوە!

برایم فەڕشی